پەرلەمانتارێکی کورد ڕوونکردنەوە لەبارەی تەوتینی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دەدات

ئەمڕۆ پێنجشەممە، کاروان عەلی پەرلەمانتاری یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پێیوابوو کە بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی سەبارەت بە تەوتیکردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان ڕوون نەبووەوە.

عەلی لە لێدوانێکدا بەئاژانسی موتڵەع ڕاگەیاند، "دادگای فیدراڵی پێشتر بڕیاریدابوو مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لە بانکە حکومییەکان کەلە هەرێمدان تەوتین بکرێت".

ئاماژەی بەوەشکرد، "دادگاکە لەم دواییانەدا بڕیاریدا ڕێگە بەو بانکە ئەهلییانەی کە لە بانکی ناوەندی عێراقدا تۆمارکراون، موچەی فەرمانبەرانی کوردستان تەوتین بکەن"، ئەم بڕیارەیشی بەناڕوون وەسفکرد".